## له وەزارەتی مافی مرۆڤ بڕیاری
## دامەزراندنی بۆردی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان له پارێزگاکان درا...



پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ 2008/7/29 له دیوانی وەزارەت لیژنەی بەدواداچوونی کارەکانی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست، به سەرپەرشتی سەرۆکی لیژنەکه بەرێز وەزیری مافی مرۆڤ و ئامادەبوونی بەرێزان د.جنان وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان و بەرێز جۆرج منصور وەزیری هەرێم بۆ کۆمەڵگای مەدەنی و نوێنەرانی وەزارەتەکانی پەیوەندیدار...

لەم کۆبوونەوەیەدا پاش گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل بڕیاردرا بۆردی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان دابمەزرێت له هەرسێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان که پێشتر بەرێز سەرۆکی حکومەت بڕیاری لەسەر دابوو.

ئەم بۆردەش پێكدێت لە نوێنەری وەزارەتی مافی مرۆڤ وەك سەرپەرشتیار و هەروەها بەڕێوەبەری بەرێوەبەرایەتی توندوتیژی ژنان و ئافرەتان لە پارێزگاكان و هەر یەك لە داواكاری گشتی و پزیشكی دادوەری بە مەبەستی رێكخستنی كارەكانی توندوتیژی ژنان و ئافرەتان لە ئامار و پەلەكردن لە راپەراندنی كارو كێشەكانی تایبەت بە توندوتیژی لە دادگا.